تایبەت

ژمارە (١٤٨) ساڵی سیانزەیەم
شەممە، ٢٠٠٩/١٢/١٩
یەکەم ژمارەی ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە
www.khushkan.org

رۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنانە، یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان مانگی دووجار دەریدەکات

بسم الله الرحمن الرحیم الا تنصروه فقد نصره الله

ساڵی کۆچی (١٤٣١) پیرۆزبێت
بە بۆنەی هاتنەوەی سەری ساڵی کۆچی پێغەمبەر "درودی خوای لێبێت" (رزگارکەری مرۆڤایەتی) و هاوەڵە دڵسۆزو خەمخۆرەکانی، کە بەکۆچکردنیان مرۆڤەکانیان لەبەندایەتی مرۆڤ ئازاد کرد بۆ بەندایەتی خوای تاکوتەنها، لەستەمی ئەدیان بۆ دادپەروەری ئیسلام و ڕێزو پێگەی شایستەیان بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی گەراندەوە....
شیاوترین و ناسکترین پیرۆزبایی خۆمان ئاڕاستەی تەواوی موسوڵمانان بەگشتی و موسوڵمانانی کوردستان بەتایبەتی ژنان و ئافرەتان بەتایبەتی تر دەکەین . ئافرەتان لەکۆچدا و لەم قۆناغە مێژوییەدا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاو، توانیان لەسایەی هاتنی ئەم ئایینە پیرۆزەدا، لەسەرجەم بوارەکاندا بەدڵسۆزی ئەوپەڕی لێبڕانەوە ئامادەبیان هەبێت و مافی زەوتکراوی هەزاران ساڵەیان وەرگرنەوە.
دووبارە پیرۆزبێت.
مەکتەبی سکرتاریەتی یەکگرتووی
خوشکانی ئیسلامی کوردستان

تەنها لە ساڵی (٢٠٠٩)دا (١٦) حاڵەتی ئایدز لە کوردستاندا تۆمارکراوە

ئایدز لە کوردستان لە زیادبووندایە

ئایندە: گوڵان حەمە ئەمین - سلێمانی .....

پەتای ئایدز، ئەوپەتا کوشندەیە کەبۆتە دێوەزمەیەک وسەرجەم جیهان لە هەڕەشەی دەترسن، پزیشک وزانایانی بواری تەندروستی وڕێکخراوە تەندروستییەکان بەردەوام لەکۆششدان بۆگەیشتن بەچارەسەرێکی گونجاو، بەڵام تائێستا دەستەوسانن بەرامبەر پەتای نەمانی بەرگری (ئایدز).

جێی ئاماژەیە کە هۆکاری دروستبوونی ئەم نەخۆشیە، دەگەڕێتەوە بۆپەیوەندی سێکسی نادروست وپێچەوانەی هاوسەرگیری دروست، بۆیە لەزۆربەی وڵاتاندا بڵاوبۆتەوە، بەهۆیەوە ساڵانە چەندین کەس گیان لەدەست دەدەن، کوردستانیش وەک هەر وڵاتێکی تری جیهان بێ بەش نەبووە لەم دەردە کوشندەیە.

دکتۆر (خالx) بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی، سەبارەت بەئاماری توشبووانی (ئایدز) لەکوردستان پێی ڕاگەیاندین: "لەساڵی ١٩٨٦ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩، (٦٤) حاڵەتی ئایدز لەکوردستان تۆمارکراوە"، ئەو بەرپرسە ئەوەشی ڕونکردەوە کە: "(٥٦) کەس لەوانە کەسانی بیانی بوون ولەدوای ئەوەی لەپشکنیندا دەرکەوتووە کەهەڵگری ڤایرۆسەکەن، گەڕێنراونەتەوە وڵاتانی خۆیان، و (٨) کەسەکەی تر کوردبوون، (٢)یان لەدەرەوەی هەرێمن و(٤)یان ئێستا لەکوردستانن و(٢) یشیان گیانیان لەدەستداوە".

هەروەها وتیشی: "ئەوەی جێی مەترسییە ئەوەیە (١٦) حاڵەت لەساڵی ٢٠٠٩ دا تۆمارکراوە، ئەم ڕێژەیەش نزیکەی ١/٣ی (١٣) ساڵی ڕابردووە لەتەنها ساڵێکدا"، سەبارەت بەوەی کە پشکنینی تایبەت بەوکەسانەی کەدێنە ناوخاکی کوردستانەوە ئەنجامدەدرێت؟ دکتۆر ئاماژەی بەوەکرد: "ئەوکەسانە لەدوای ئەوەی دێنە خاکی کوردستانەوە، ڕاستەوخۆ پشکنینیان بۆناکرێت، لەبەرئەوەی پشت نابەستین بەپشکنینە سەرەتاییەکان، بەڵام پشکنین بۆئەو کەسانە ئەنجام دەدرێت کەداوای نیشتەجێ بوون دەکەن ولەچەند ڕۆژی یەکەمدا پشکنینیان بۆدەکرێت، ئەگەر ئەنجامەکەی پۆزەتیڤ بوو ئەوا دەگەڕێنرێنەوە وئەگەرنێگەتیڤ بوو مۆڵەتی مانەوەیان پێدەدرێت".

سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نەخۆشانەداو کاربۆ کردنیان، دکتۆر خالx وتی: "ڕێنمای پێویستیان پێ دەدرێت کەنابێت خوێن ببەخشن، هەروەها پاراستنی دەوروبەریان لەوڕێگایانەی کەلێوەی دەگوێزرێتەوە، جگە لەوەی بەردەوام لەژێر چاودێری پزیشکدان وپشکنینی ئاستی بەرگریان بۆدەکرێت".

ماوەتەوە بڵێین، تەنها ڕێگە چارەبۆ دوربوون لەم پەتا سامناکە گەڕانەوەیە بۆدەستوری ئیسلام وپابەندبوونە بەیاساو ڕەوشتە بێ گەردو پاکیزەییەکانیەوە.

ئەنجومەنی (خانمان) لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتەوە ڕاگەیەنرا

ئایندە: سلێمانی .....

پاش ئەوەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی نوسینگەی سلێمانیەوە پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی سەبارەت بە پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای پرسی ژنان خستە بەر دەستی ڕێکخراوەکانی ژنان وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو چالاکەوانانی بواری ژنان، لەم بارەیەوەو ڕێکخراوەکان هەستان بەئەنجامدانی چەندین کۆڕو کۆبونەوەو وورک شۆپ لە سلێمانی و گەرمیان، ڕێکخراوەکان گەیشتنە ئەو بەرئەنجامەی کە ڕەشنوسی پرۆژە یاسایەکی شایستەیان ئامادەکردو پێشکەشی سەرۆکایەتی حکومەتیان کرد، بەڵام ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/١٤ بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، ئەنجومەنی خانمان لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتەوە ڕاگەیەنرا.

بەپێی دواکۆبونەوەی لیژنەی ئامادەکاری پرۆژە یاساکەی ژنان، لە بەرواری ٢٠٠٩١٢//١٥ بڕیاریاندا، سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی خانمان لەلایەن سەرۆکایەتـــــــی حکومەتەوە، پرۆژە یاساکەی ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکرێت. شایانی باسە زاراوەی خانمان وای لێدەخوێنرێتەوە ڕێکەوتنێک نیە لەسەر وشەی ژن و ئافرەت لەلایەن ڕێکخراوەکانی سەربەدەسەلاتەوە.

لیژنەی ژنانی پەرلەمانی کوردستان سەردانی سکرتاریەتی خوشکان دەکەن

ئایندە: سلێمانی .....

بەرواری ٢٠٠٩/١٢/١٢ بەڕێزان (گەشە دارا حەفید) سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان و (شەونم محەمەد) ئەندامی لیژنەکە، سەردانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکگرتووی خوشکانیان لە سلێمانی کرد، و لەلایەن سکرتێرو ئەندامانی سکرتاریەت و لێپرسراوی لقی سلێمانیەوە پێشوازیان لێکرا .

لە میانەی سەردانەکەدا میوانان ئاماژەیان بە گرنگی کارکردنی هاوبەشی نێوان لیژنەی ژنانی پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی ژنان کرد، و جەختیان کردەوە لەسەر پێویستی هاوکاری و هەماهەنگی سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لەگەڵ لیژنەکەدا، هیواشیان خواست یەکگرتووی خوشکان درێژە بە ڕۆڵی ئاکتیڤی خۆی و هاوکاری زیاتری بدات لە پێناو خزمەتکردن بە ژنانی کۆمەڵگا، هەروەک لە خولی ڕابردووشدا هاوکارێکی باشی لیژنەی ژنان بووە لە پەرلەمان کوردستان.

لەلایەن خۆشیانەوە، بەڕێز (بێخاڵ ئەبوبکر) سکرتێری ڕێکخراوەکە، تەئکیدی لەسەر هاوکاری و بەدەمەوە بوونی یەکگرتووی خوشکان کردەوە بۆ هەر کارێک لە پێناو بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیارو ڕۆشنبیری ژناندا بێت و خزمەت بە کۆمەڵگە بکات.

سڕینەوەی ناوی (زمناکۆ) لە لیستی ناوی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا

ئایندە: ئاشتی جەمیل - هەڵەبجەی شەهید

بەرواری (١٥/ ٢٠٠٩/١٢) لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجەی شەهید بە ئامادەبونی (خدر کەریم) سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە و (شاهۆ عوسمان) قائمقامی هەڵەبجە بە وەکالەت و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوو کەس و کاری شەهیدان و جەماوەرێکی بەرچاوی هەڵە بجەی شەهید ناوی (زمناکو محەمەد ئەحمەد) ناسراو بە (عەلی) بە ئامادەبوونی عەلی و دایکی لە ریزی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە سڕایەوە .

زمناکۆ و دایکی زۆر خۆشحاڵێ خۆیان دەربڕی بەوەی دوای چەند ساڵ لەیەک دابڕان و بێ ئومێد بوونی دایکی بە یەکتر شاد بوونەوە، هاوکات لەگەڵ سڕینەوەی ناوی زمناکۆ، تیمێکی ئیتاڵی سەردانی شاری هەڵەبجەیان کردبوو بە مەبەستی دەرکردنی فلیمێک لەسەر مندااڵنی هەڵەبجە، کە فلیمەکە لە لایەن ڕێکخراوی ئاشتی نێو دەوڵەتی و بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیتالیا و وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کارەکانی بە ڕێوە دەچێت، ناوی فلیمەکەش ناوی (منداڵانی هەڵەبجە)یە و باس لە کارەساتی کیمیاباران بە شێوەیەکی تر دەکات.

تیمەکە نزیکەی (٣٠) کەس دەبن، کە چوارکەسیان وەکو ئەکتەر بە شداری فلیمەکە دەکەن و ئەکتەرەکانی دیکەش خەڵکی کوردستانن و فلیمەکەش لە ناو شاری هەڵەبجە بەرهەم دەهێنرێت .

دکتۆر (لۆسیامۆ سکامیاتۆ) ئەندامی شارەوانی (مازەریۆ) لە ئیتالیاو سەرۆکی تیمەکە لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەکەماندا کە بۆچی چینی منداڵانی هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی ئەو فلیمەیان بەناوەوە دەر بکات، لە وەڵامدا وتی: "لەبەر ئەوەی لەو کارەساتەدا کۆمەڵێک منداڵ بەرچاو دەکەون کە بە بێ تاوان بەو چەکی کیمیاییە لەناو چوون، ئێمەش بڕوامان وایە ئایندە منداڵان دروستی دەکەن، بۆیە منداڵانمان هەڵبژاردووە" .

لە بارەی تەواو کردنی فلیمەکەشەوە وتی: "هەموو کاری فلیمەکە لەناو شاری هەڵەبجە تەواو دەکەین"، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا لە دوای (٢١) ساڵ ئێستا هەڵەبجە چۆن دەبینن؟ لۆسیامۆ وتی: "من لە ساڵی ٢٠٠٦ هەڵەبجەم بینیوە و لە کاتی سوتانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە خۆم لێرە بووم، بۆیە ئێستا هەڵەبجەیەکی نوێ دەبینم، هەڵەبجە گەشەی کردووە و لە بیری ئایندەی خۆیداییەتی، بۆیە هەوڵ دەدەین پەیامی هەڵەبجە لەم فلیمەدا بە هەموو جیهان بگەیەنین ".